# "تەنها ریگایەك بۆ دابین کردنی ئاسایش، وگیرانەوەی مەدەنیەت لەعیراقدا، وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکا و دەستکۆتاکردنی دەستەوتاقمی ئیسلامی و قەومییە بەسەر ژیانی خەلکەوە."

## دیداری تلفزیونی پرتەو لەگەل هاوری هەلالە رافع

تلفزیۆنی پرتەو: لە ئیستادا عیراق چ بارووددۆخیکی سیاسی دەگوزەرینی ؟

هەلالە رافع: هەروەك لای هەموان ئاشکرایە لە ئیستادا کۆمەلگای عیراق لەوپەری ناهەمواری و ناجیگیریدایە، لە لایەك بەهۆی بارووددۆخی ناهەمواری سیاسی وداگیرکاری و جەنگ وتەقینەوەو تیرۆرو کوشتاری رۆژانەوە ولەلایەکی ترەوە، بارووددۆخی ناهەمواری ئابووریەوە. ئەمانە لەکەنار بوونی هیزی میلیشیای و تیروریستی دەستەو تاقمی ئیسلامی و قەومی و کۆبوونەوەی نوینەرانیان لە "حکومەتی عیراقدا"، کە بوونەتە سەرچاوەی کیشمەکیش و کوشتار لە کۆمەلگادا... ئەمانە هەموویان بارودۆخیکی ناهەمواریان بۆخەلکی عیراق پیکهیناوە. بەلام ئەگەر ئەم بارودۆخانەلە چەند خالیکدا کورتبکەمەوە دەبی بلیم کەکیشمەکیشی قولی نیوخۆی لایەنە ئیسلامیەیەك لەلایەك و ئەمانەش لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کورد و ئەوانیش لەگەل ناسیونالیزمی عەرەبی کۆمەلگای عیراقیان لەنیو کیشمەکیشەشی پیداگرتن لەسەر بە ئسلامیزەکردنی کۆمەلگای عیراقە راگرتووە. هاوکات مەسەلەی بەرەسمیەت ناسینی فیدرالیزم لە لایەن بالی ناسیۆنالیزمی کوردیەوە، کە بیگومان ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە هیچ شیوەیەك لەگەل پارچە پارچەکردنی عیراقدا نیە وە عیراق بەگشتی بە بەشیك لە دنیای عەرەب دادەنیت بارودۆخەکەی بردۆتە نیو سەرەتاکانی شەری قەومی و تایەفەیی‌یەوە.. جگەلەمە ئەم دوو بالە هەر لەسەرەتاوە لەسەر دەستوری عیراق نەیانتوانیوە پیك بین وە تەنها بە زەبری ئەمریکا ئەو پیکهاتنە درووست بوە. ئیسلامی سیاسی لە خوارووی عیراق رۆژانە تەهدید وە فیوای کوشتن دەردەکات بەرامبەر بە کەسانی عیلمانی وە ئازادیخواز، وە لە هەولی ئەوەدایە کە کۆمەلگا بەرەو 1400 سال پیش ئیستا بگەرینیتەوە، یاساو ریسای دژی ئینسانی بەسەر کۆمەلگادا بسەپینی.

لە کوردستاندا وە لە شاری کەرکوك پاش رووخانی رژیمی بەعس خیزانە کوردەکان کە لە شارەکانی تری کوردستاندا ئاوارە بوون گەرانەوە بۆ کرکوك، بەلام بە هۆی ئەوەی کە سەرەرای سات و سەودا کردنی حیزبە کوردیەکان بەم مەسەلەیەوە نەیانتوانی سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیانیان بۆ دابین بکەن، وەلە شاری کەرکوکیشدا بە ئاوارەی وە بیخانەو لانەی ئەژیان، لەبەر ئەوە گەرانەوە بۆ شارەکانی سلیمانی و هەولیر. جلال تالەبانی ئەم خیزانە کوردانەی بە خائن لەقەلەم دا، وە ئەمە بوە هۆی نارەزایەتیەکی زۆر لەناوو خەلکی کوردستاندا.

پرتەو: ئایا عیراق بەرەو شەری ناوخۆ دەروات؟

هەلالە رافع: من نازانم زیاتر لەمەی کە ئیستا لە کۆمەلگای عیراق دەگوزەری ئەبی چیتر روو بدات وە ئەمە چ ناویکی لی ئەنریت ئەگەر شەری ناووخۆ نەبیت، وە ئەبی پیناسەی شەری ناوو خۆ چی بیت، ئەگەر رۆژانە لە هەموو لایەنە سیاسیەکان وە خەلکی بی تاوان، منال، پیر تیرۆر دەکرین دەکوژرین وە تەهدید دەکرین. ئەمەی ئیستا شەریکی رۆژانەیە کە بەرۆکی بە خەلکی عیراق گرتوە، وە لە ماوەی دووسالی رابوردودا بەرەو خراپتر چوە.

پرتەو: چ هیوایەک لەناوو خەلکدا شک دەبری ؟

هلاله رافع: له ئیستادا کۆمەلگا هیچ تەوەهومیکیان له بەرامبەر ئەوەدا نیه کەنه ئەو لایەنانه وه نه دەستورەکەیان ناتوانی باروودۆخی ئەوان چاك بکات، وه تەجرووبەی ئەم دوو ساله ئەوەی بۆ سەلماندوون. لەبەر ئەوه له ئستادا نارەزایەتی جەماوەری سەری هەلداوه وه به تایبەت له کوردستانی عیراقدا. لەم دواییانەدا کۆنگرەی قوتابیان وه کۆنگرەی ریکخراوی ئازادی عیراق بەریوه چوه، وه لەناوو خەلکدا دەستبەکارن بۆ گۆرینی ئەو باروودۆخه ناهەمواره.

پرتەو: بەکورتی ئامانجی ریکخراووی ئازادی عیراق چیه، وه حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەویدا ئەرکی چیه؟

هلاله رافع: حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وەك یەکیك له دامەزرینەرانی ئەم ریکخراوەیه، ولایەنیکی بەشداربوو تیایدا، لەهەولی ئەوەدایه کەسیاسەتی خۆی بۆ ئاییندەی عیراق لەم ریگایەوه بباته پیشەوه. له ئیستای عیراقدا شیرازەی کۆمەلگا لەیەك هەلوەشاوه وشتیك بەناوی دەولەت لەگۆرداذنییه، ئەمەش دەبیت لەناوو کومەلگاوه دەستی بۆببریت وهیزی جەماوەری بۆهەلخرینریت. تا عیراق دووباره لەلایەن خەلك خۆیانەوه سازبدریتەوه. دیاره کاریکی ئاواش تەنها به کۆکردنەوەو ریکخستنی جەماوەر دەبیت له هەموو ئاستەکاندا. ریکخراوی ئازادی عیراق بۆ گیرانەوەی مەدەنیەت وه دووباره بیناکردنەوەی کۆمەلگاو ریکخستنەوەی له خوارەوه بۆ سەرەوه دەست بەکاره.

پرتەو: گۆرانکاری وه چاکسازی لەکۆمەلگای عیراقدا له گرەوی چیدایه؟

هلاله رافع: تەنها ریگایەك بۆ دابین کردنی ئاسایش، وگیرانەوەی مەدەنیەت لەعیراقدا، وەدەرنانی ئەمریکا دەستکۆتاکردنی دەستەوتاقمی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمه بەسەر ژیانی کۆمەلانی خەلکەوه. بەدوای ئەمەدا کۆمەلگا ئەتوانی هەناسەیەك هەلکیشیتەوه و هەنگاو بەرەو سازدانەوەی خوی هەلگری.